ISSN
2310-0087

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی گەرمیان

# زانکۆی گەرمیان

گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمییە
زانکۆی گەرمیان دەریدەکات

ژمارە : ٦
ساڵ : ٢٠١٥

# ڕاڤەی مێژوو لە دیدو تێڕوانینەکانی (توینبی)ەوە

د.هیوا عزیز سعید
بەشی مێژوو/ سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

**ناوەڕۆک:**

پێشەکی
یەکەم – پێناسەی چەند چەمکێکی پێویست.
دووەم – توینبی لە بواری توێژینەوەو فەلسەفەی مێژوودا.
سێیەم – ڕەخنەی توینبی لە مێژوونووس و فەیلەسوفانی ئەوروپی.
چوارەم – تیۆری مەیدا نخوازی و وەڵامدانەوە.
پێنجەم- داڕوخانی ژیارییەکان.
شەشەم- توینبی لەبەردەم ڕەخنەگراندا.
ئەنجام
پەراوێزەکان
سەرچاوەکان

## پێشەکی

ڕاڤەی ژیاری بۆ مێژوو بابەتێکی گرنگ و بایەخداری فەلسەفەی مێژووەو مایەی سەرنجی بیریارو ڕۆشنبیرانە، زۆر کەس خۆیان لەم بوارەدا سەرقاڵکردووەو خەریکی توێژینەوەو بەدواداچوونن، لە پێناو دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو بۆ پرسیارگەلێکی تایبەت بەم لایەنە کە خۆی لە پرسیارەکانی (چۆن ژیارەکان لە دایکدەبن و گەشەدەکەن و پاشان بەرەو داڕوخان دەچن؟، ئەو بنەماو ڕەگەزانە چین زەمینەسازی بۆ ئەم بونیادەدەکەن؟، چ یاساو ڕێسایەك ژیانی ژیارییەکان مسۆگەردەکات؟ پەیوەندی و رایەڵەکانی ژیارییەك بە ژیارییەکی دی خۆی لە کوێدا دەدۆزێتەوە؟) ئەمانەو چەندین پرسیاری هاوشێوە، چەند کەسایەتی و فەیلەسوف و بیریاری لەم بابەتە کۆکردۆتەوەو تیۆریای جۆراو جۆریان لە سۆنگەی جیاجیاوە خستۆتەڕوو کە دیارترینیان (ئیبن خەلدون – ڤیکۆ – شپنگلەر – کروبر – توینبی)ن.

(تۆینبی) لە دوای هەریەك لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن تیۆریاکەی داڕشتووە، مێژوونوسێکی بە تواناو هاوچەرخی سەدەی بیستەم بووو هەردوو جەنگی جیهانی بینیووە. لەبەرئەوە تیۆرییەکەی لە دوولایەنەوە مایەی بایەخپێدان و خوێندنەوەیە، لەلایەك وەك مێژوونوسێکی هاوچەرخ و بینەری ڕووداوەکان، لەلایەکی ترەوە وەك ئەو ڕەخنەگرەی کە تیۆریاکانی پێش خۆی خوێندۆتەوەو پاشان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەوە بیروبۆچوونی خۆی پێشکەشکردووەو تیۆریاکەی خۆی داڕشتووە.

لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دوای ئەوەی پێگەو بایەخی تۆینبی لە بواری فەلسەفەو مێژوودا دەخەینەڕوو، هەوڵدەدەین تیشك بخەینەسەر پێناسەی چەند چەمکێك تاوەکو بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە ڕێگەخۆشبکەین و ڕەخنەکانی تۆینبی لە تیۆریاکانی مێژوونووس و فەیلەسوفانی ئەوروپی دەستنیشاندەکەین، دواتر باس لە تیۆریای مەیدا نخوازی و وەڵامدانەوەی تۆینبی دەکەین کە لە میانەیدا وەڵامی پرسیارەکانی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات لە چۆنیەتی لە دایکبوون و گەشەو لەناوچوونیان.

### یەکەم – پێناسەی چەند چەمکێکی پێویست:

بۆ ئەوەی روونتر لە بابەتی راڤەی ژیاری بۆ مێژوو تێبگەین، باشترە هەریەك لە چەمكەكانی (ژیاری – شارستانی – رۆشنبیری) بناسێنین، چونكە هەندێكجار لەلایەن نوسەرانەوە جیاوازی نێوان ئەم چەمكانە فەرامۆشدەكرێن و لە كاتی نوسیندا تێكەڵدەكرێن.

*ژیاری (الحضارة - Civilization):

ئەم چەمكە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوەو هەر نوسەرێك لەمەڕ ئەم بابەتە دوابێت پێناسەیەكی كردووە:

ژیاریی لەسۆنگەی لۆجیكی و مێژووییەوە، بەرزترین پلەو ئاستی پەرەسەندن و رێكخستنی كۆمەڵگای مرۆییە لەبالأبووندا[1].

(ول دیورانت) لە پێناسی ئەم چەمكەدا نوسیویەتی: "سستمێكی كۆمەلأیەتییە كە هاوكاری مرۆڤ دەكات لە پێناو زیادكردنی بەرهەمی رۆشنبیریدا"[2]، هەروەها (حسێن مونس)یش دەڵێت: "بەرهەمی تێكۆشانی مرۆڤە بۆ باشكردنی باری ژیانی، بەشێوەیەكی مەبەستی بێت یان نامەبەستی لە هەردوو بواری مادیو مەعنەویدا"[3].

هەروەها ژیاری پێناسەكراوە بە: "كۆمەڵێك دیاردەی كۆمەلأیەتیی، كەخاوەنی سروشتێكی ماددیو زانستیو هونەریو تەكنیكییە لە كۆمەڵگەدا، كە قۆناغێكی خۆشگوزەران (راقی) دەنوێنێت لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا"[4].

*شارستانێتی – المدنية:

بریتییە لە ژیانی شارنشینیو فەراهەمهێنانی خۆشگوزەرانیو بەرجەستەكردن و جەمكردنەوەی تواناو داهێنانەكان و پەرەپێدانی پیشەسازیو فراوانكردنی سنوری مامەڵەو ئاڵوێرە هزریو كۆمەلأیەتیەكان لە پێناو بەدیهێنانی مافە گشتیو تایبەتیەكان لە سنوری تایبەتی خۆیانداو بایەخدان بە بەرهەمە روحیو ژیریەكان[5].

*رۆشنبیری – الثقافة (Cultuer):

بریتییە لە توێژینەوەو كنەكردن و پەیبردن بە ماناكانی حەقو خێرو دادوەریو هەموو ئەو بەهایانەی كە بوونی مرۆڤایەتی بە ئاقارێكی تەندروستدا دەبات و لاریو كەمو كورتیەكانی راست دەكاتەوەو كلیلی كردنەوەی دەرگای ژیری مرۆڤایەتیە بۆ هەموو زانستو رۆشنبیرییەكی سودمەند[6].

رۆشنبیری بریتییە لە رستێك بیروباوەری كۆمەلأیەتی مانا پێدراو كە ئەوە بۆ ئەوە دەگوازرێنەوە، بەتایبەتی لەو بەهاو ئاكارو دابونەریتو بیروباوەڕانەی بناغەی رێكخستنی ژیانی كۆی مرۆڤەكانن و چالاكی رۆژانەیانن[7].

یاخود بریتییە لە "كۆمەڵە بیرو فكرێك لە ژێریدا، ئاكارو رەوشێكی فێركراو لە مرۆڤدا، تواناكانی بەرگری لەخۆكردن، خێرایی فێربوون و زیرەكیو لێهاتوویی، جێگیربوونی ئەو برە مەعریفیەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی"[8].

لە پێناسەیەكی تردا (رۆشنبیری): "گشتێكی دارشتەیە كە مەعریفەو بیروباوەڕو هونەرو رەوشتو یاساو نەریتو هەموو تواناو خووەكانی مرۆڤ وەك ئەندامێكی كۆمەلأیەتی كۆمەڵگە دەگرێتە خۆی"[9].

بەم جۆرە هەندێك پێیان وایە كە لایەنە مەعنەویو ناوەكیەكەی ژیان رۆشنبیرییەو لایەنە مادییەكەی بە (ژیار) ناودەبرێت، هەندێكی تر رۆشنبیری بە بەشێك لە ژیاری كۆمەڵگە دادەنێتو هەندێكی تریش بە پێچەوانەوە.

بەلأم ئەوەی هەردوو چەمكی ژیاریو رۆشنبیری لە یەكدی جودا دەكاتەوە، بریتییە لەوەی كە رۆشنبیری پێكهاتەیەكی كەڵەكە بووە كە سنورێكی بەرفراوانتر لە ژیاری هەیەو لە كۆمەڵگەیەك بۆ كۆمەڵگەیەكی دی دەگوازرێتەوە، بە پێچەوانەی ژیاری كە هەڵگری تایبە تمەندی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراوەو پێناسی كۆمەڵگەیەك هەڵدەگرێت.

دووەم – توینبی لە بواری توێژینەوەو فەلسەفەی مێژوودا:

ناوی (ئارنۆڵد جۆزیف توینبی (A.J.Toynbee)ە، لە ساڵی (١٨٨٩) لە شاری (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیا لە خێزانێكی چینی ناوەندی رۆشنبیر لە دایكبووە، دایكی بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە زانكۆی (كیمبرج) لەبواری مێژوودا بەدەستهێناوە، توینبی لە ژێر كاریگەری دایكیدا بووەو لە منداڵیدا مێژووی لا خۆشەویست بووە، لە ساڵی (١٩٠٧)دا توینبی چۆتە زانكۆی (ئۆكسفۆرد)و پسپۆریی لە مێژووی یۆنان و رۆمانی كۆندا وەرگرتووەو هەردوو زمانی یۆنانیو لاتینی فێربووە،

سەرەڕای زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی و (یۆنانی نوێ) زانیوە، لە ساڵانی (١٩١١-١٩١٢) لە خوێندنگەی شوێنەواریی بەریتانی خوێندویەتی، لەکاتی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سیاسی لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانی کاریکردووە، لە (١٩١٩)دا لە کۆنگرەی ئاشتیدا بەشداربووە، لە ساڵی (١٩٢٤)دا بووە بەڕێوەبەری پەیمانگای بەریتانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و بۆماوەی (٣٣) ساڵ بەردەوامبووە[١٠]، ئەم کارەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کارئاسانیکردنی بۆ ئەنجامدانی کارەکەی خۆی کە لە ساڵی (١٩٢١)ەوە بیرۆکەی (توێژینەوە لە مێژوو – A Study of History)ی لەلا گەڵاڵە بوو، تا لە ساڵی (١٩٣٠)دا دەستیپێکردو (١٢) بەرگی نوسی و دوابەرگی لەساڵی (١٩٦١)دا بڵاوکردەوە[١١]، ئەم (١٢) بەرگە (١٠) یان نوسینی کتێبەکەیەتی و (٢) بەرگیان وەڵامدانەوەو ڕونکردنەوەی ئەو نوسین و ڕەخنانەبوون کە لەمەڕ نوسینەکەی تۆمارکران، توینبی لەماوەی ژیانیدا تا مردنی لە ئۆکتۆبەری (١٩٧٥)دا، چەند نوسینێکی نوسیوە، کە بریتین لە (مێژووی ژیاری هیلینی -چارەسەری مێژوونوس بۆ ئایین -دادگایی کردنی ژیاری -جەنگ و ژیاری -ئەمریکاو شۆڕشی جیهانی -شۆڕشی پیشەسازی -ئەزموونی هەنوکە لە ژیاری ڕۆژئاوادا -جیهان و ڕۆژئاوا)[١٢].

ئەو تیۆرییایەی توینبی گەڵاڵەی کردووە بە یەکێك لە گرنگترین تیۆریاکانی فەلسەفەی مێژوو لە قەڵەمدەدرێت، چونکە وەك مێژوونوس هاوسەردەمی گرفت و قەیرانەکانی جیهانی هاوچەرخبوو و خۆی ڕووداوەکانی بینیوە، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر بایەخداری و زیندوێتی بۆچوونەکانی هەبووە، توینبی هەوڵیداوە زیاتر وەك مێژوونووس خۆی بنوێنێت وەك لە فەیلەسوفێك، توینبی مێژوونوسێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو بۆماوەی نیو سەدە خەڵوەتگری توێژینەوەی ژیارییەکانی جیهان بووە بە (کۆن و نوێ)وە[١٣].

توینبی خاوەنی تێڕوانین و دیدێکی چڕو قوڵە و لە توێژینەوەکانیدا زۆر وردەکارانە مامەڵەی کردووە، وەك کەسێکی بابەتی و بەدەر لە هەر لایەنگیری و بەلادا شکاندنەوەیەکی ئایینی - ڕەگەزی - ...هتد بیرو بۆچوونەکانی پێشکەشکردووە، هاوکات وەك بەرپرسێك ئاماژەی بۆ هەموو خاڵە گەش و ڕەشەکان و شکۆمەندی و داهێنان و هەڵەکانی مرۆڤایەتی کردووە، دەرەئەنجام ئەو بۆچوونەی لا گەڵاڵە دەبێت کە مرۆڤ دەتوانێت لە ژینگەی تیاچوون و سەرگەردانیەوە بۆ ژینگەی ڕزگاری و بەختەوەری بگوازرێتەوە، ئەگەر چی بەختەوەری هەتاهەتایی گرەنتی نییە[١٤].

توینبی لە نوسینی نوسەراندا ستایش و پیاهەڵدانی زۆری بۆ کراوە، لەبارەیەوە ووتراوە کە (ئەفلاتوون)ی سەدەی بیستەمە، چونکە بانگەشەی دروستکردنی کۆمارێکی هاوشێوەی کۆمارەکەی ئەفلاتوونی کردووە، لەلایەکی ترەوە (کۆزینسکی) توێژەری سۆڤێتی دەڵێت: (ناوی توینبی لیستی ناوی مێژوونووسان تەواو دەکات کە بە هیرۆدۆتی یۆنانی دەستپێدەکات)، (سترومبیرگ)یش لەباسیدا نوسیویەتی: (توینبی بە ئەنیشتاینی مێژوو و ئەدەب دانراوە، تەنانەت گوتراوە پەیامبەرێکی نوێیە! ئەوە هەموو لەبەرئەوەی مێژوو و فەلسەفەی بەجۆرێك نوسیووە کەس بەر لەو بە مجۆرە نەینوسیوە)[١٥].

توینبی بایەخێکی زۆری بەرۆژهەڵات داوەو ڕۆڵی ژیاری میسری خستۆتەڕوو، تەنانەت ئەم لایەنە بۆتە مایەی خاڵێکی ڕەخنەیی لەسەر توینبی، وتراوە کە شەش یەکی بابەت میسر ئاماژەی بۆ وواڵتەکەی خۆی (ئینگلتەرە) نییە، لەبەرئەوە دەبینین زۆر بە ووردی تیشکی خستۆتە سەر ئەو پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و ئابووریانەی لە ژیاری میسردا بەرجەستەبووەو ئاستی ڕۆشنبیری میسریەکانی باسکردووەو پاشان دەربارەی ژیاری وواڵتی نێوان دوو ڕووبار دواوەو خۆی لەساڵی (١٩٥٦)دا سەردانی ئەم ناوچەیەی کردووەو ستایشی بەردەنووسەکەی حەمورابی کردووەو نرخاندوویەتی، هەروەها باسی لە کێشەی فەلەستین کردووەو هێرشی کردۆتە سەر جوولەکە، سەرەڕای ئەوەی لەباسی ئایینی ئیسلامدا، ئیسلام بەئەو ئایینە لەقەڵەمدەدات کە لەگەڵ لۆجێك دەگونجێت و گەورەیی و باڵایی خوای بەتەواوی ڕوونکردۆتەوە وەك یەك لە دیارترین ئایینەکان دەیناسێنێت[١٦].

سێیەم – ڕەخنەی توینبی لە مێژوو نووس و فەیلەسوفانی ئەوروپی:

توینبی ڕەخنەی لە کۆمەڵێك بۆچوونی مێژوویی چەسپاوی نێو هزرو بیری مێژوونوسانی ئەوروپی گرتووەو بەرپەرچی ئەو بۆچوونە دەداتەوە کە پێیوایە ژیاری ڕۆژئاوا دوا دەرەئەنجامی ژیاری مرۆڤایەتییە و باڵاترین و پەرەسەندوترین ژیارە لەمێژووی

مرۆڤایەتیدا، بەڵکو توینبی باس لەوە دەکات ژیاری لەکەڵەکەبوونیدا خاوەنی یەك سەرچاوە نییە، ئەمەش لەوەوە هاتووە توینبی تەنها نەتەوەیەك یان دەوڵەتێك یان گروپێك ناکاتە بواری توێژینەوەو تیۆریاکانی و کۆمەڵگە گەورەو فراوانەکان لەڕووی (کات و شوێن)ەوە بە ئەو بوارە لۆجیکیە دەزانێت کە بۆ توێژینەوەی مێژوویی دەستدەدات، کۆمەڵگەکان نەك دەوڵەت ئەو ناوەندە لەبارەیە کە پێویستە توێژەرانی مێژوویی بایەخیپێبدەن، ئەمەش دەرەئە نجامی ئەو بۆچوونەیەتی کە دەڵێت: ((ژیارییەکان دەرەئە نجام و کردەی کۆمەڵێك فاکتەری جۆراو جۆرەو لە بوونیادنانیدا ڕەگەزە جیاوازەکان بەشداریان هەیە))[17].

لێرەوە دەبینین توینبی هەوڵدەدات تیۆریاکەی لەسەر کۆمەڵگاکان بونیادبنێت و چەند کۆمەڵگەیەك دەکاتە دینگەی سەرەکی و بنەڕەتی تیۆریاکەی کە(کۆمەڵگەی مەسیحی ڕۆژئاوایی، کۆمەڵگەی مەسیحی بیزەنتی ڕۆژهەڵاتی، کۆمەڵگەی ئیسلامی، کۆمەڵگەی هیندی، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دوورە)[18].

هاوکات ئاماژە بۆ کۆمەڵگە بەبەردبووەکان (المجتمعات المتحجرة) دەکات و نموونەی (کۆمەڵەکانی یەهودی لە غیتوو کۆمەڵەی مینۆفستیەکان و مونبەسیەکان لە ئەرمینیاو حەبەشەو کۆمەڵگەی مەجوسی و کۆمەڵگەی نەستوری لەدوورگەکانی دالبار) دەهێنێتەوە، هەروەها باس لە کۆمەڵەی بوزیەکان لە سیلان و بورماو سیام و کەمبۆدیاو هەموو ئەوانەی بڕوایان بەدوانەیی (روح و لاشە) هەیە لەئاژەڵ و مرۆڤدا دەکات[19].

دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مێژوونووس لەکاتی توێژینەوەدا بایەخ بە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك دەدات و ڕایەڵی ئەو پەیوەندییانە دیاریدەکات کە لە نێوان ئەم کۆمەڵگانەدا هەبووە[20]، کە بەبڕوای توینبی دوو جۆر لە پەیوەندی هەیە:

١- پەیوەندییەکی نێوخۆیی، کە پەیوەندی ئەندامەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە لەگەڵ یەکتردا.

٢- پەیوەندییەکی دەرەکی، کە پەیوەندی و کارلێك وکاریگەری نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانە لەڕووی کات و شوێنەوە لەسەر یەکتری[21]، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی ئاست و توانایی ئەو کۆمەڵگەیە بەشداری هەیە لە زیادکردن و پەرەپێدانی ژیاریدا.

بۆیە دەتوانین بڵێین ژیاری ئەو گشتە هەمەڕەنگەیە کە لە ناوەخنەوە هەموو کۆمەڵگەکان دەتوانن کەم یان زۆر بەشداری خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، بەم مەبەستە توینبی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ژیارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی دوورو ناوەڕاستداو لەدەرەنجامی تێکۆشانی مرۆڤ خوڵقاون، پەرەسەندووتربوون لەژیاری ئەوروپا، ئەوەش نەك تەنها لەڕووی پێشینەو ڕەسەنێتی، بەڵکو لەڕووی تایبەتمەندی و باڵاییەوە زیاتر بووە، سەرەڕای ئەوەی لەڕووی ماوەو کاتەوە زیاتر بوون، بۆ نموونە ژیاری میسری سێ هێندەی ژیاریی ئەوروپا تەمەنی هەبووە.

پاشان توینبی ڕەخنە لە دابەشکاری (کۆن – ناوەڕاست – نوێ) دەگرێت بۆ مێژوو، ئەم دابەشکارییە بە کردەی کەسێك دەبینێت کە جوگرافی بێت و جوگرافیای جیهان بنوسێتەوە، لەبەرئەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دابەشکارییە تەنها ئەوروپاو دەریای ناوەڕاست دەگرێتەخۆو دابەشکاری مێژوو بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ و ڕۆژمێری زایینی لەدەرەوەی ئەوروپا شتێك نییە بۆ باسکردن[22].

بەهەمان شێوە توینبی ڕەخنەی لە ڕاڤەی ڕەگەزی هەیە بۆ مێژوو کە لەلایەن (هوستن ستیورات، گۆبینۆ، تراتیشکە، فریمان... هتد) کرابووە بناغەی لێکدانەوەو ڕاڤەکاری بۆ توێژینەوەکانیان، ئەم تیۆریانە ڕەگەزی نۆردی (سپی پێستی موو زەردی چاوشین) کە نیتشە بە (دڕندەی موزەرد) ناویدەبات بەباڵاترین ڕەگەز دەزانێت و ڕۆڵ و پەرەسەندنی ژیاری بەکردەی ئەم ڕەگەزە دادەنێت، لەبەرئەوە توینبی دژی ئەم تێڕوانینەیەو بەڕاشکاوی دەڵێت کە ڕەگەزی نوردی تەنها ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە لەژیاری مرۆڤایەتیدا لەچاو ڕەگەزی ئەلپی یان ڕەگەزەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، لەهەمان کاتدا لەباسی ڕەگەزی ڕەشدا دەڵێت ئەگەر ئەم ڕەگەزە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەژیاریدا نەبوبێت، ئەوا لەوە بووە کە هەلی بۆنەڕەخساوەو بەردەوام لەچاوەڕوانیدایە بۆ هەلێك کە ڕۆڵی خۆی لەداهاتوودا ببینێت[23].

هاوکات وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ پێشکەشکردنی تیۆریاکەی خۆی، توینبی تێبینی و ڕەخنە لەمەڕ تیۆریای چەند فەیلەسوفێك تۆمارکردووە کە دیارترینیان بریتین لە:

أ - تیۆریای دەوڵەت - هیگڵ:

ئەم تیۆریایە کار لەسەر گوزارشتێك دەکات کە دەڵێت: ( تاك خاوەنی ڕۆحێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لە کۆمەڵگە )، ئەم گوزارشتە دواجار ڕێگەبوو بۆ پیرۆزکردنی کۆمەڵگە کە لە چوارچێوەی ( دەوڵەت )دا وەك بـاڵاترین دەزگـای کۆمەڵگـە خـۆی پیشاندەدات.

ئەمەش لەکۆمەڵگەی ئەڵمانی سەردەمی هیتلەرو لەسایەی پـارتی نازیـدا زیـاترخۆی بەرجەسـتە کـرد، کـە سـەرکردەکانی ئەڵمانیا بەهـەموو شێوازێك لـە پێناو پـیرۆز ڕاگرتنـی خـاك و ڕەگـەزو دەوڵـەتی ئـەڵمانی لـەنێو دڵـی تاکـەکانی ئـەڵمانیادا تێدەکۆشان، ئەم هەوڵە بەجۆرێك بەگرنگ و پڕ بایەخ پیادەکرا کە پەرستشی خوایان بە پەرستشی دەوڵەت گۆڕی.

دیارە توینبی هەوڵدەدات لەنێوان دوو دیدی باوی قۆناغەکەی خۆی کـە هەریـەکێکیان بە پێچەوانەی ئـەویتر ئاڕاسـتەیان هەبوو، یەکیان: تاکەکەسی دەرکردە خانە پێکهێن و ڕاستییەکی داکەوتە ( واقیعی )و نکوڵیلێنەکراو کە پێویستە وەك بونیادێکی سەربەخۆ بیناسین، دووەمیان: کۆمەڵگای وەك ئەو پێکهاتە گشتی و کامڵ و ڕاسـتییە داکەوتەیـە دەناسـاندو پێیـانوابوو مـرۆڤ ( وەك تـاکەکەس ) جگە لەبەشێکی بچووکی کۆمەڵگە شتێکی دیکە نییە[24].

لەدیدی ( توینبی )دا مەترسی ئەم تیۆریایە تەنها لەوەدا نەبوو دەوڵەتی کردە ئـەو دێوەزمەیـەی لەهـەموو سـاتەوەختێکی تـاکدا بوونی هەبێت، یان بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی دیکیتـاتۆری سـەری کێشا بێت، بـەڵکو لەوانـەش مەترسیدارتر سڕینەوەی خودێتی تاك و کوشتنی خواست و تواناکانی بوو، تـاکی بـەجۆرێك توانـدەوە کـە توانـای پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ دەوروبەریـدا پەکخست و کردیە بوویەکی دۆگما، ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەت دەبێت ئەو میکانیزمە بێت کە لە پێناو ئازادی تاکەکان و پاراستنی ویژدان و بیرکردنەوەیان و ئاسایشی دەروونی و کەلوپەلەکانیان کاربکات، لەلایـەکی تـرەوە ( تـوینبی ) تـاك بـە خانـە پێکهێنی کۆمەڵگـە دەبینێـت و بـە ئـەو ڕەگـەزە سـەرەکی و بنەڕەتیـە لەقەڵـەمی دەدات کـە دەوڵـەت لـە پێناویـدا دروسـتدەکرێت، لـەم سۆنگەیەشەوە جۆرێك لە لایەنگیری بۆ تاکەکەس لەڕاڤـەکاری مێژووییـدا لای تـوینبی یـەکلایی دەبێتـەوە[25]، لێرەویـە دەڵێت ( بـوونی ڕۆح ناکرێـت بـەجۆرێك لەکۆمەڵگـەدا لێکبدرێتـەوە کـە ببێتـە مایـەی زەمینەسـازیکردنی بـەخواکردنی دەوڵـەت و لەدایکبوونی دیکتاتۆریەت[26].

جیاوازییەکی دیکەی نێوان هیگڵ و توینبی لە ڕۆڵی ژیارییەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەردەکەوێت، کاتێك توینبی پێەوانـەی هیگڵ جەختدەکاتەوە کە ژیارییەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی بەرچاوو نکوڵیلێنەکراویان لەکۆی ژیاریی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە[27].

ب - تیۆریای ئیسکاتۆلۆجی:

توینبی ناکۆکی خۆی لەگەڵ ئەم تیۆریایەدا لەوەدا پیشاندا کە نابێت ئێمە مانای ڕۆح لە مێژوو بکەینە دەرەوەو بـەدونیاو جیهانێکی تری ببەستینەوە، هەروەك ڕەواقیەکان و ئەفلاتوونیەکان و بوزیـەکان بانگەشـەی بـۆ دەکـەن، ئەمـەش تێڕوانینێکـی ڕووتـی ئایینیـە و زیادەڕۆییـە تیایـدا، بـەجۆرێك هەوڵـدان و جوڵـەی مـرۆڤ تـەنها لـە پێناو ژیـانێکی نـەبڕاوەو بـێ کۆتـادا مانادارەکات، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش وەك کەسێکی ئایینی باس لەهەوڵ و تێکۆشانی مەسیح دەکات و دەڵێت: ئەگەر ژیان ئەوەندە بێ بایەخ و کەم بەهابێت و هەموو شتەکانی ناوی بێ ئەرزش و ناواقیعی بووایـە، هـەرگیز مەسـیح بەوشێوەیە لـە پێناو ڕزگـاری مرۆڤەکانـدا خـۆی دووچـاری ئەهامـەتی و ئـازار نـەدەکرد، لێـرەوە پێیوایـە ئـەم تیۆریایـە مەسیحیەتیش بەهەڵـە لێکدەداتەوە.

پاشان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەسکاتۆلۆجیەکان باوەڕی ئایینیان دووچاری ڕەخنە و هێرشـی عەلمانیـەکان کـردەوە، ئەمـەش دوای ئەوەی لەجیاتی گەڕان بەشوێن دەستکردی مرۆڤ لە مێـژوودا هەوڵیانـدا نەخشی خـوا لـە مێـژوودا بدۆزنـەوە. دوا پـەیڤی ( توینبی ) لەم ڕووەوە دەشێت ئەو گوزارشتە بێت کە دەڵێت ناکرێت بوونی ڕۆح بە ڕەهایی لەمێـژوو بکرێتـەدەرەوەو بـەجیهانێکی نادیار ببەسترێـەوە، هەروەك چۆن نابێت هێندە مانادار بکرێت لەمێژوودا کە لە پلەی پیرۆزی دەوڵەتدا خۆی بەرجەستە بکـات،

چونکە لەم بارەدا خەرجکردنی کەمترین ووزەی مرۆڤ لەم زەمینەدا بێهودەیی و بێمانایی دەگەیەنێت و کۆمەڵگە خاوەن ژیارییەکان و بێ ژیارییەکان دەچنە فۆرم و بەرگێکی هاوشێوەوە[28].

ج – تیۆریای رێکەوت ( الصدفة ):

ئەم تیۆریایە بەشێوەیەکی گشتی باس لەدروستبوونی مرۆڤ و بوون دەکات لە رێکەوتێکدا، رێکەوتیش کردەیەکی خۆنەویستە و دووبارەبوونەوەی دەگمەن و ئەستەمە.

رەخنەی توینبی لەم تیۆریایە کە راڤەی بوون و هەموو ئەوانەی لەبووندا دێنە ئاراوە بە ( رێکەوت ) دەکات، بریتییە لە سازش پێکردنی مرۆڤ لە ئەرزش و ویستی مرۆڤ بوون، لێرەوە پێی وایە کارو چالاکی مرۆڤ کردەی شەوەزەنگ نییە و ئامێرێکی شەیتانی هەڵخەڵەتێنەر نییە بۆ تووشبوونی مرۆڤەکان بەسزایەکی نەبڕاوە، بەڵکو کردەو جوڵەی مرۆڤ ریتم و رێچکەی بنەرەتی خۆی هەیە کە لە چوارچێوەی ( مەیدا نخوازی و وەڵامدانەوە، کارو پەرچەکردار، هەڵکشان و داکشان، شکست و هەستانەوە، پەرەوازەبوون و یەکگرتنەوە )دا خۆی بەرجەستەدەکات[29].

ء – بەرپەرچدانەوەی حە تمیەتی مێژوویی:

لەگەڵ ئەوەی ( توینبی ) تیۆری رێکەوت رەتدەکاتەوە، لەگەڵ حە تمیەتی مێژوویشدا ناتەبایە، چونکە بڕوایوایە رەوتی مێژوو هەمان رەوتی رەورەوەیەك نییە کە بەیەك شێوازو رێك دەخولێتەوە.

ئەگەر جوڵەی گەردوون شەوو رۆژ دروستدەکات و چوار وەرزی ساڵی لێدەکەوێتەوە، ئەوا ئەم جوڵەیە بە پێی یاسایەکی سروشتی گەردوونی بەرێوەدەچێت. خۆ ئەگەر لەجوڵانەوەی ئەو هێزو کاراکتەرانەی نەخشی مێژوو دەچن هاوشێوەیی و دووبارەبوونەوە ببینرێت، مانای دووبارەبوونەوە نییە لەسەر یەك شێوازو رێك و هاوشێوە.

لێرەوە توینبی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەرگی ژیارییە پێشینەکان کە لە ( ١٥-٢١ ) ژیاری بوون کاری رێکەوت نەبووە، بەڵکو خۆیان هەڵگری هۆکارەکانی مەرگ بوون و دووچاری شکست هاتون، لەبەرئەوە خۆیان بکوژو خۆرکەی خۆیانن.

ئەمەش چارەنوسی ژیاری رۆژئاوایی دەبێت ئەگەر هەمان ئەو هەڵوێستانە دووبارە بکاتەوە کە پێشتر ئەنجامدراون، بۆ نموونە: جەنگی سێیەمی جیهانی، پاشان ئاماژە بۆئەوە دەکات ئەگەر چی جوڵەی مێژوو وەك جوڵەی تایەی عارەبانەیەك بازنەیی دووبارە نابێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەمان جوڵەی خودی عارەبانەکەی هەیە، ئەگەر رووەو هەوراز بڕوا پێویستی بە پاڵنان هەیە و لە سەرەو خوارەکاندا ئاگاداری و جڵەو گیری پێوستە[30].

توینبی لەرەخنەیەکی تریدا ژیارییەکان بۆ ئایین دەگێرێتەوەو پێیوایە ئیمپراتۆرییەکان پێوەری ژیاری نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرەتای داروخان و بەرەو نەمانی ژیارییەکانن، کاتێك کەمینەی دەسەڵاتدار دەیەوێت فراوا نخوازی بکات ئەوە جیاووکەکانی داهێنانی لەدەستداوە، تەنها ئاشتییەکی کاتی و چارەسەرێکی روکاری هەیە بۆ گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمە بە پێچەوانەی ئاینەوەیە، چونکە لە پشت هەر ژیارییەکی بونیادنراو ئاینێکی جیهانی هەیە، بیروباوەرە ئاینییەکان ئەو کاراکتەرە ئەکتیڤەیە رەوتی مێژوو ئاراستە پێدەدات، خۆ ئەگەر داهاتوویەك هەبێت بۆ ژیارییەك لە ژیارییەکان ئەوا لەسنوری ئاینەکاندا و بەهۆی ئاینەکانەوەیە[31].

چوارەم – تیۆری مەیدا نخوازی و وەڵامدانەوە:

تیۆری مەیدا نخوازی و وەڵامدانەوە لەراڤەکاری توینبی بۆ ژیاریی، لەوەڵامی ئەو پرسیارانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا ئەو پێکهاتەو رەگەزانە چین دەبنە لەدایکبوونی ژیارییەکان؟ پاڵنەرو میکانیزمەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی ژیارییەکان چین؟ ئەو لەمپەرو خاڵە لاوازانە کامانەن کە ئاراستەی ژیارییەکان بەرەو تیاچوون و شکست دیاریدەکەن؟.

لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا تـوینبی تیۆریـا تایبەتەکـەی خـۆی دادەڕێژێت، کەسـەرەتا هەوڵیـدا بـەدوای ئـەو کاراکتـەرو ڕەگەزانەدا بگەڕێت کە بە ئاراستەیەکی ئیجـابی ژیارییـەکان دەخوڵقێنێـت، لەبەرئـەوە بەگرتنەبـەری قوتا بخانـەی کلاسیکی تایبەت بەزانستی سروشتی نوێ دەستپێیکردو وەك خۆی دەڵێت: ( تەنها لـە چوارچێوەی کۆمـەڵێك چـەمکی ئەبـستراکدا بیرمـان دەکـردەوەو کـاری کۆمـەڵێك هێـزی بەسـتومان تـاقیکردەوە لەشێوەی ( ڕەگـەز یـان ڕەچـەڵەك )و ژینگـە، بـەڵام دەرەنجـامێکی لۆجیکیمان بۆ گەڵاڵە نەبوو)، دواتر ڕووی کردە چەند هۆکارێکی تر بۆ ئەوەی تیۆریاکەی لەسەر بونیادبنێت، تـا گەیشتە ئـەو بڕوایەی بڵێت: ( ئەو هۆکارەی هەوڵدەدەین دیارییکەین شتێکی سادە نییە، بەڵکو ئاڵۆزو دارژاوە )[٣٢].

دوای ئـەوەی تـوینبی سـەلماندی کـە ڕەگـەز ئـەو بنەڕەتـە نییـە ژیارییـەکانی لەسـەر بونیاددەنرێت، هەوڵیـدا ڕێـژەی ئـەو کاریگەرییە بخاتەڕوو کە ژینگە هەیەتی لەبونیادنانی ژیارییەکاندا، لەم پرۆسەی تاقیکاریـەدا بڕیاریـدا کـە ناکرێت بڵـێین ژینگـە کارناکاتـە سـەر ستراکچەری ژیـاریی، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا دەکرێت بڵـێین تـەنها هۆکـارو یەکـەم هۆکـار نییـە لـەم پرۆسەیەدا[٣٣].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانیشی هاوکێشەیەکی پێشکەشکرد کە لەهەوڵی هاوسەنگکردنیدا بـوو، لایـەکیان بریتـی بوو لە ویستە بـەهێزەکانی مـرۆڤ و توانـا لـەبن نـەهاتووەکانی، لاکـەی تـری ژینگـەو کارکردەکـانی بـوو، پێیوابـوو ژیـاریی بەرەنجامی کارلێکی نێوان هەردوو لاکەی ئەم هاوکێشەیەیە، ئـەو ژینگەیـەی ژیـاری تێـدا دەخوڵقێت جۆراو جـۆرە، لەوانەیـە لیتەیی و نیشتەنیی بێت وەك لە ( میسرو میسۆپۆتامیاو دۆڵی سندی یابان )ی هەبووە، یـاخود وەکـو ژیـاری حیسیەکان لـەبانی ئەنادۆڵ و مەکسیك یان ( ارخبیلیە ) کۆدوورگەیی بێت وەك لەژیاری گریك و یۆناندا دەبینرێت[٣٤].

( توینبی ) پێیوایە ئەو ژینگەیەی دەبێـتە سەرچاوەی دەرکەوتنی ژیاریی، ژینگەیەکی سەختە نەك ئاسان، لەبەرئەوە دەڵێت ژیاری تەندروست هەرگیز ژیاریی ئارامی ئیستاتیکی نییە، بەڵکو پێویستە خەڵك لەهەوڵی بەردەوامـدا بـن بـۆ پاراسـتنی ئـەو دەستکەوتانەی بەدەستیانهێناوە لە هەر هەڕەشەیەکی سروشتی[٣٥].

لێرەوە توینبی سەرەتای بیرۆکەی مەیدا نخوازیی و وەڵامدانەوەی گەڵاڵەکردو دەگاتە ئـەو بڕوایـەی کـە مـرۆڤ لـەوەڵامی ئـەو کردەیە ژیاریی بونیاددەنێت کە ڕووبەڕووی فشاری دەکاتەوەو لە پێناو خـەرجکردنی تواناکـانی دەیوروژێنێت، لێرەدا نمونـەی ژیاری میسری و میسۆپۆتامیا بە نمونەی ئەو کاریگەرییە ژینگەییە دەهێنێتـەوە لەسەر مرۆڤ[٣٦].

بەم شێوەیە توینبی جەخت دەکاتەوە کە ژینگە سەختەکان دەبێتە هـۆی جوڵانـدنی هـزری مـرۆڤو هانـدانی بـۆ بونیادنـانی ژیاریی، چونکە لە میانەی ململانێکردنیدا مرۆڤ هەوڵدەدات پرۆسەکە بەسەرکەوتنی خۆی کۆتایی پێبهێنێت.

ژینگەو دۆخە سەختەکان لەدوولایەندا خۆیان بەرجەستە دەکـەن یـان ژینگەیـەکی سروشـتییە یـان بـارودۆخێکی مرۆییـە، ڕووبەڕووبوونـەوەی مـرۆڤ لەگـەڵ ژینگـە سروشـتییە سـەختەکان و زەوی ڕەق و سـەخت و هەڕەشـەکانی، هۆکـاری ڕاسـتەوخۆی تەقاندنەوەی تواناو بەهرەو داهێنانەکانی مرۆڤ بووە، مرۆڤێك کە هەوڵی ڕووبەڕووبونەوەی داوەو سازشی نەکردووە[٣٧].

ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ بۆ هەڕەشەکانی سروشت خۆی لەدوو بواردا دۆزیوەتەوە، لە هەندێ کاتدا کۆچکردن ئیجـابی تـرین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە مەیدا نخوازیەکانی سروشت بووە، هەروەك چۆن ئەو مرۆڤانەی ژیاری ( مینـوی ) * یـان لەسـەر بنـەڕەتی ژیاریی ( کریتی یەکەم ) دروستکرد، لەهەندێ باری تردا داهێنانی میکانیزمی نوێی ڕووبەڕووبوونەوە بـۆ مەیـدا نخوازی سروشت وەك وەڵام باشترین هۆکار بووە، هەروەك چۆن دانیشتوانی هەردوو ژیاریی دۆڵی نیل و میـسۆپۆتامیا بـە کۆبوونـەوەیان لـەدوری ڕووبارەکان ئەنجامیاندا[٣٨]. بەڵام ئەو مرۆڤانـەی ملکەچـی هەڕەشـەو مەیدا نخوازیـەکانی ژینگـە دەبـن و ویـستی وەڵامدانـەوەو ڕووبەڕووبوونەوەیان لاوازە یان نییە، دووچاری تواندنەوەو لەناوچوون دەبن[٣٩].

سەبارەت بەناوەندی مرۆیی و هەڕەشـەو مەیدا نخوازییـەکانی زیـاتر خـۆی لەدوژمنایـەتی و نـاکۆکی نێـوان دەوڵەتەکانـدا دەبینێتـەوە، یـان هەڕەشـەیەکی بەردەوامـە کـە دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی هێزێکـی فـشار لەسـەر کۆمەڵگـەو زۆرجـار هەسـتی تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەردا دروستدەکات، دەکرێت پەلاماری ژیاریی هیلینی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لـە پێش ئیسلام، پاشان

هاتنی ئیسلام و دەرکردنی ژیاری هیلینی و پاشان کۆتاییهێنان بەدەوڵەتی بیزەنتی و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە بەژیاری ئیسلامی بە نمونەی ئەم لایەنە بهێنینەوە[40].

لەگەڵ ئەوەی توینبی داکۆکی لەسەر تیۆری مەیدا نخوازی و وەڵامدانەوە دەکات، هەوڵدەدات بزانێت کام لە مەیدا نخوازی دەبێتە هۆی دروستکردنی وەڵامێکی ئیجابی، لەم سۆنگەیەوە سێ ئاستی مەیدا نخوازی دیاریدەکات:

١- مەیدا نخوازی لاواز، کە بەرامبەر زۆر بەبێ بایەخی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و وەڵامێکی بۆی نابێت و فەرامۆشی دەکات.

٢- زیادەڕۆیی لە توندوتیژی مەیدا نخوازیدا کە بەرامبەر بەتەواوی ملکەچ بکات و تێکشکاندنی ڕابگەیەنێت و بێ وەڵام بێت.

٣- میانگیری و هاوسەنگی لە مەیدا نخوازیدا، ئەمە ئەو فشارە وورژێنەرەیە کە دەبێتە خولقێنەری وەڵامێکی ئیجابی و خەملاندنی بنەماو دینگە ژیارییەکان، ئەم جۆرەی مەیدا نخوازی لای توینبی بە (ناوەندی ئاڵتونی یاخود زێڕین) ناوزەد دەکرێت، کە تیایدا ژمارەی وەڵامەکان و مەیدا نخوازەکان هاوبەرامبەری یەکترن، لێرەوە پەرەپێدان و گەشەکردنی ژیارییەکان ڕێچکە و ڕەوگەی خۆی وێنادەکات[41].

بەمانایەکی تر لەم خاڵەدا ئەو هاوسەنگییەی هاوکێشەکەی توینبی بەرقەرار دەبێت کە لایەکیان ویست و توانا لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤە و لاکەی تری ژینگە و مەیدا نخوازیەکانیتی.

مەیدا نخوازی نمونەیی یان ناوەندی زێڕین لای توینبی، ئەو مەیدا نخوازیە نییە کە تەنها بۆ یەکجار وەڵام لەبەرامبەردا دەوروژێنێت، بەڵکو پێویستە ئەو وەڵامدانەوەیە جارێکی تر خۆی لە فۆرمی مەیدا نخوازییەکی نوێدا بخاتەڕوو لەسەر لایەنی یەکەم و لێرەوە پرۆسەیەکی کێبڕکێ و قۆناغێکی ململانێی نوێ لە گۆڕەپانەکەدا دروستبکات کە هەریەکەیان لەهەوڵی زاڵبووندا بێت بەسەر ئەوی تردا، واتە هەوڵدانی هەر لایەکیان لە پێناوی تێپەڕاندنی دۆخی (یەن – داروخاوی و بەرەو شکست) بێت بۆ دۆخی (یانگ – هێزی پاڵنەرو هاندان) جارێکی تر[42].

کەواتە لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو هاوسەنگی و هاوبەرامبەریەی توینبی لە هاوکێشەکەیدا باسیدەکات، هاوسەنگییەك نییە لەئاستێکدا بوەستێت و هەردوولای هاوکێشەکە لە جووڵە بخات، بەڵکو ئەو هاوسەنگییە هەمان هاوسەنگی بەندۆلی ئەو کاتژمێرەیە کە بەردەوام بەهەمان کارو پەرچەکردار بەهەردوولای خاڵی هاوسەنگییەکەیدا دێت و دەڕوات.

واتە ئەم پرۆسەیە گەمەیەکە هەر لایەکیان هەوڵدەدات لای هاوکێشەکە بە قازانجی خۆی کۆتایی بهێنێت و کەس و لایەنی براوەو سەرکەوتوو خۆی بێت، لێرەوە بیرکردنەوەو بەکارهێنانی ژیری و تواناکان لە پێناو داهێناندا ماناو ئاراستەی خۆی وەردەگرێت و خۆویستانە یان خۆنەویستانە ژیاریی بنەماکانی خۆی دادەمەزرێنێت.

ئەم دۆخەیە کە توینبی ئاماژەی بۆ دەکات و دەنوسێت: "گواستنەوەی بەردەوام لە (یەن)ەوە بۆ (یانگ)ە کە پێویستی دەخولقێنێت و ئەمەش دەبێتە خولقێنەری ویست و هەوڵدانی بەردەوام، پێویستی دایکی داهێنانە و هەوڵدانی بەردەوام و سوربوون لەسەر ویستەکان باوکێتی، بەمانای ئەوەی لەدەرنجامی گواستنەوەی بەردەوامی مرۆڤ لە (یەن)ەوە بۆ (یانگ) ئەو کۆرپەیە لەدایك دەبێت کە بەسەرەتای سەردەمی ژیاریی ناوزەد دەکرێت"[43].

سەبارەت بەئەو پاڵنەرە سەرەکیانەی دەبێتە هۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی ژیارییەکان (توینبی) چەند خاڵێکی دیاریکردووە، لەوانە:

١- پێشکەوتن لەبواری دەستکەوتە خودیەکاندا:

گەشەکردن لای توینبی هەوڵدانە بۆ کردنەوەی بواری کارکردن لە ناوخۆدا و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبارە لەخودی ژیارییەکە خۆیدا، لێرەوە تێبینی ئەوە دەکات کە پەرەسەندنی زانستەکان و هونەرە تەکنەلۆجیەکان ئاراستەیەکی ئاشکرا و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ساکارکردنەوەی ئاڵۆزییەکان و کردنەوەی گرێ و تێکەڵیەکان، ئەمەش لای توینبی پاڵنەرێکی زیندووە کەکار لەناو خودی مرۆڤەکاندا دەکات، کاتێك مرۆڤ هەستدەکات لە لەمپەرە مادییەکان ڕزگاری بووە دوای ئەوەی

زاڵبووە بەسەریداو لە پێناو ئاراستە پێدانی توانا مرۆییەکان و تەواوکردنی کۆمەڵایەتیدا بەهۆی کردەو ویستێکی ئازاد بەکاریدەهێنێت[44].

**٢- کۆمەڵگە و تاکەکان:**

توینبی هەوڵدەدات هەریەك لە (تاك)و (کۆمەڵگە) لە سکێچ و مانای خۆیدا وێنابکات، بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی کە یەکیان لەسەر ئەوەی تریان بەباڵاتر وەردەگرێت، لێرەوە پەیوەندی نێوان تاکەکان بە دینگەی سەرەکی پێکهێنانی کۆمەڵگە گوزارشتدەکات، ئەم پەیوەندییە لەسەر رێکەوتنێکی هاوبەشی نێوان تاکەکان ڕادەوەستێت، لەبەرئەوەی توینبی کۆمەڵگە بەبواری کاری هاوبەشی نێوان تاکەکان پێناسە دەکات.

گەشەی ژیارییەکانیش کاتێك ئاراستە وەردەگرێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەهەوڵی داهێنان و نوێگەریدا کۆششبکەن یان کەمینەی دەسەڵاتدار لەئاستی ئەو پێگەیەدا بێت کە هەیە و توانای ئاراستە پێدان و زەمینەسازی هەبێت بۆ چالاکییەکانی زۆرینە بەرەو داهێنان و بونیادنان، ئەمەش بەجۆرێك کە جڵەوی پێشڕەوی لەدەستدا بێت و بەشداری لە مومارەسەی ژیانی رۆژانەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی زۆرینەدا هەبێت[45].

**٣- خەڵوەتگری و گەڕانەوە:**

توینبی کاری مرۆڤی خوڵقێنەر بەجوڵەیەکی دووسەرە وەسفدەکات کە (خەڵوەتگری و گەڕانەوە)یە، خەڵوەتگری لە پێناو پاکژکردنەوەی خودو بەدەستهێنانی بێگەردی و بینینی ڕاستی، گەڕانەوە بۆ ڕێنوێنی و پێشڕەویکردنی شوێنکەوتوان و ئاراستە پێدانیان[46].

**٤- هەمە جۆری لەناو یەکەدا لەماوەی خولی گەشەی ژیارییەکاندا:**

ژیاری گەشەسەندو یەکەیەکی پێکەوەبەستراوە، هاوکات پرۆسەی گەشەکردن جوڵەیەکی ڕێکخراوی پێکەوە گونجاوە، بەڵام ئەزمونەکانی گروپە جۆراوجۆرەکان کە ئەم پرۆسەیە ئەنجامدەدەن هاوشێوە نییە، چونکە بەپێی وەڵامدانەوەو ڕەتکردنەوەی (تاك یان کەمینەی خوڵقێنەر یان کۆمەڵگە) بۆ مەیدا نخوازییەکان جیاوازی و گۆڕانکاری دروستدەکات، لێرەدا ئەو جیاوازیانە دەبینین کە لەنێوان کۆمەڵگەکانی نێو پێکهاتەی یەك ژیاری دەیبینین، هەروەك چۆن لەژیاری ئیسلامیدا دەبینرێت، بەهەمان شێوە تایبەتمەندی و جیاوکەکانی مێژووی ژیارییەکان لەنێوانیاندا دەبینین، بۆ نمونە ژیاری هیلینی سروشتێکی ئیستاتیکی هەبووە لەکاتێکدا ژیاری هیندی ڕەوتێکی ئایینپەروەری گرتووەو ژیاری ڕۆژئاواش سیمای ئامێرو تەکنەلۆجیای مادی هەڵگرتووە[47].

**پێنجەم- داڕوخانی ژیارییەکان:**

ڕووخان و لەناوچوونی ژیارییەکان لای فەیلەسوف و مێژوونوسان مایەی سەرنج و دروستبوونی پرسیاربووە، لەبەرئەوە هەر تیۆرێك لە دیدێکی تایبەتیەوە ئەم لایەنەی لێکداوەتەوە، کە دیارترینیان بریتین لە:

١- بەستنەوەی سەرەنجامی مرۆڤ بەسەرەنجامی گەردوونەوەو لە قەڵەمدانی مرۆڤ بەگەردونێکی بچوك، چۆن شەوو رۆژ پەیدادەبن و چوار وەرزی ساڵ بەدوای یەکدا دێن ئاوا ژیارییەکان بەدوای یەکدا دێن و هاوشێوەی گەردوون ژیارییەکان دووچاری ململانێی دژەکان و لەبەربرانی ووزەو تواناکانی دەبێت و بەقۆناغەکانی ساوایی و لاوێتی و پیریداو پاشان مردندا تێدەپەڕێت.

٢- کەڵەکەبوونی میراتی ژیاری و توشی زیان بوونی، لەم بارەدا پێویست بەخوێنێکی گەرم و بەکوڵ دەکات تا ژیارییەکە نوێ بکاتەوە.

٣- پابەندی بە یاسای هاوشێوەبوون و پرەنسیپی جوڵەی خولیی لەمێژوودا.

٤- هێرش و پەلاماری دەرەکی بۆ سەر ژیارییەکان.

٥- کەم و کوڕی لەبواری زانستی و تەکنەلۆجیدا.

دوای ئەوەی توینبی بەرپەرچی هەریەك لەم بۆچوونانە دەداتەوە لە ڕووخانی ژیارییەكاندا، ئاماژە بـۆ بۆچـوونی تایبـەتی خـۆی دەكـات لـە داڕوخـانی ژیارییـەكان و پێیوایـە كـە دووجـۆر لەئاڕاسـتە لـە لاوازكـردن و بـەرەو تیاچـونی ژیارییەكانـدا بەشداریدەكەن: ئاڕاستەیەكی ستوونی لە نێوان كۆمەڵە مرۆییە پێكەوە گونجاوەكانی نێو یەك یەكەیە لـەڕووی جوگرافییـەوە، ئاڕاستەیەكی ئاسۆیی كە لەنێوان كۆمەڵە مرۆییە تێكەڵبووەكان لەڕووی جوگرافی و دابڕاو لەیەكتر لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە خۆی بەرجەستە دەكات، كە بەبڕوای توینبی ئاڕاستەی ستونی ئەو هۆكارە سەرەكییەیە كە ڕێگەخۆشكەرە بـۆ داڕوخـانی ژیارییـەكان، هاوكات ئاڕاستە ئاسۆییەكان لەتوانایدایە بەرتەنگی لەلاشەی كۆمەڵگەدا دروستبكات و بـەجۆرێك ببێتـە هـۆی لـەدایكبووونی دەوڵەتێكی دنیایی و سستمێكی ئایینی توندڕەو لەگەڵ بوونی هەندێ دەرهاویشتەی بەربەری لەبونیادی كۆمەڵگادا[48].

لێـرەوە تـوینبی پێیوایـە كورتهێنـانی هێـزو ووزەی داهێنـان و نـەبوونی توانـا بـۆ تێپـەڕانـدنی كارەكـان، دەبێتـە لەمپـەر لەبەردەم هەر داهێنانێكدا، پاشان ئەم نەزۆكیـە كـە دوچـاری كەمینـە یـان چینی دەسـەڵاتدارو خوڵقێنـەر دەبێت، بیانویـەك نامێنێت بۆ ڕازیكردنـی زۆرینـەكان بـۆ شـوێنكەوتنی كەمینـەی داهێنـەرو كێشكردنیان بـەلای خۆیانـدا، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی تێكچوون و نەمانی شیرازەی كۆمەڵایەتی و پچڕانی پەیوەندی و یەكێتی نێوان تاك و گروپە كۆمەڵایەتیەكان[49].

بەكۆی ئەم پرۆسەیە جەستەی كۆمەڵگە دووچاری قەیران و ئاستەنگی مەترسیدار دەبێت، لەلایـەك زاڵبـوونی كەمینـەكان نیشاندەدات كە توانای خوڵقاندن و داهێنانی لەبەربڕاوەو لە پێناو مانەوەی لەو ئاست و پلەیەدا پەنادەباتە بەر بـەكارهێنانی زەبرو زەنگ و پراكتیزەكردنی دیكتاتۆریی، لەلایەكی ترەوە جیابوونەوەی پرۆلیتاریایە لە جەستەی كۆمەڵگـە و دابەشـبوونێتی بۆ ( پرۆلیتاریای ناوخۆیی ) كە ملكەچی دیكتاتۆریەتە و هەمیشە لە دوای هـەلێك دەگـەڕێت بـۆ بـەرپاركردنی شۆڕشـێك كـە لـە میانەیدا پایـە كۆمەڵایەتیەكـەی خـۆی بگێڕیتـەوە، ( پرۆلیتاریـای دەرەكـی ) كـە بەتـەواوی جیابوونـەوەی خـۆی لـە كۆمەڵگـە ڕاگەیاندووەو دژی تێكەڵبوونەوەیـە و چـاوەڕوانی هەلێكـە بـۆ پـەلاماردان، ئـەم ململانێیـە جـارێكی تـر مەترسیدارە، چونكە لەئەنجامی ململانێ و كێبڕكێی پرۆلیتاریای دەرەكی لەگەڵ دەسەڵاتدا خواستی فراوانخوازی و پێكهێنـانی ئیمپڕاتۆریەتـەكان سەرهەڵدەدات[50].

پێویـسته ئـەوە ڕوونبێـت چـەمكی ( پرۆلیتاریـا ) هـەمان ئـەو پرۆلیتاریایـە نییـە كـە لـەلای مـاركس گوزراشـت لـە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی دەكات لەبەرامبەر سەرمایەداران كە لەسەر بنـەڕەتی خاوەنـدارێتی بەرێوەدەچێت، بـەڵكو پرۆلیتاریـا لای توینبی برتییە لە خەڵك یان گەل بەگشتی، كە هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە لە بەرامبەر كەمینەی دەسەڵاتدار یاخود پەككەوتوو لەداهێنان كە لەسەر جیاوازی ڕۆحی و فیكری سەرچاوە دەگرێت[51].

بە مانایەكی ترو كورتەی باسكراو دەكرێت بڵێن كە هۆكاری سەرەكی داڕوخـانی ژیارییـەكان نێوخۆییـە و بـە چەواشـەبوون و تێكـچوونی پەیوەنـدی نێـوان تاكـەكانی كۆمەڵگـە دەسـتپێدەكات و دابـڕان لـەنێوان دەسـەڵاتدارو دەسەڵاتبەسـەرداكراودا دروستدەبێت كە دوو ئاڕاستە لـەخۆدەگرێت، ئاڕاستەیەك كـە كەمینـە لـە پێناو پاراسـتنی پێـشەنگی خۆیـدا پەنادەباتـە بـەر پراكتیزەكردنی دەسەڵات لەسنوری نایاسایی خۆیداو پیادەكردنی دیكتاتۆریەت و زۆرداری كە دواجارو لە ئەنجامی تونـدبوونی ململانێكان و هەوڵە كۆنترۆڵخوازییەكان خواستی دروستكردنی ئیمپڕاتۆریەت بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

هاوكات و بەئاراستەیەكی تردا پارچە پارچە بـوونی جەسـتەی كۆمەڵایـەتی ژیارییەكەیـە بەسـەر گـەل و خەڵكـە ڕەسـەن و نارەسەنەكاندا ( ڕەسـەن بەسروشـتی ژیـاری یەكـە )، هەرچـی خـەڵكی ڕەسـەن و بنەڕەتیـە لـە هـەوڵێكی شۆڕشگێڕیدا دەیـەوێت لەمپەرو ئاستەنگەكانی داهێنان ڕا بماڵێت و دۆخی ( یەن ) بۆ ( یانگ ) بگوازێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ شكۆمەندی نـەوەكانی پێشوو، لە كاتێكدا خەڵكە نارەسەن و نابنەڕەتیەكە هەوڵدەدات لە دەرەوەی جەستەی ژیارییەكە پێناسەو مانـا بـەخۆی بـدات و ئامـادە نییە بەهیچ شێوەیەك تێكەڵببێتەوە.

لێـرەوە دەتـوانین بڵـێین ( تـوینبی ) دەیـەوێت بەناڕاسـتەوخۆ كـار لەسـەر بونیـادو پێكهێنـەرەكانی مێـژوو بكـات و لێـرەوە پەیوەندی ژیاری داڕووخاو بەژیاری تازە لـەدایكبووی ( نـوێ )ەوە دیارییكـات لـە چوار لایەنـدا كـە ( پاشكۆبوون – میراتگری –

ژینگەو یەكەی جوگرافی – سەردەمی پەشێوی كە دەبێتە ناوەندێك بۆ كۆتاییهاتنی كۆمەڵگەیەك و بونیادنانی یەكێكی تر ) كۆبكاتەوە"[52].

شەشەم – توینبی لەبەردەم رەخنەگراندا :

توینبی لەمیانەی هەوڵەكانی بۆ كۆكردنەوەی كایە مەعریفیە جۆراوجۆرەكانی بواری مێژووو فەلسەفەو زانستو دینو ئەفسانەو لاهوتو ئەنترۆپۆلۆژیاو دەروونناسیو سیاسەتو كۆمەڵناسی، دووچاری هاودژی میتۆدی بووە، كاتێك مەبەستیبووە چەند رێبازو میتۆدێك بۆ خوێندنەوەو توێژینەوە مێژووییەكانی بەكاربهات، وەك میتۆدەكانی ( المنهج التجريبي الاستقرائي، والمنهج التركيبي التصوري، والمنهج الحدسي الغيبي ).

ئەوەی توینبی لەمیانەی توێژینەوەی مێژوودا دانپێدانراوەو جەختی لەسەر دەكاتەوە پێویستبوونە بەو سێ میتۆدە تاوەكو كارەكەی بەباشترینو سەركەوتووانەترین شێواز بەئاكام بگەیەنێت،

- میتۆدی الاستقرائي: لە پێناو بەدواداچوونو پشكنینی رووداوەكانو تۆماركردنیان.
- میتۆدی شیكاری: لە پێناو پوختەكردنو كورتكردنەوەی یاسا گشتیەكان، لەرێگەی بەراوردكاری رووداوە بەدیهاتووەكان.
- میتۆدی پێكهاتەیی: واتە سەرلەنوێ دارشتنەوەو پێكهێنانەوەی رووداوەكان بەشێوازێكی هونەری.

توینبی ئەڵێت " بەشێوەیەكی گشتی بەلگەنەویستە كە بەدواداچوونو پشكنینی رووداوەكانو واقیعە مێژووییەكانو تۆماركردنیان، شێوازی هونەرییانەی مێژووە، كورتكردنەوەو پوختەكردنی یاسا گشتیەكانو دارشتنەوەیان شێوازی هونەرییانەی زانستە، زانستی مەبەست لەبواری توێژینەوەی ژیانی مرۆڤایەتی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیایە، رێكخستنی خەیاڵیانە شێوازی هونەرییانەی دراماو چیرۆكەكانە، مێژوو هاوشێوەی دراماو چیرۆكە، لەئەفسانەوە كەفۆرمی سەرەتایی تێگەیشتنو دركردنە سەریهەڵداوە، ناتوانرێت هێڵی جیاكەرەوەی نێوان راستیو خەیاڵ بۆ بكێشرێت، لەبەر ئەوە مێژوو لە پێناو پوختەكردنی یاسا گشتیەكانی ژیارییەكان چەندین زانستی وەكو ئابووریو سیاسیو كۆمەڵناسی دەخوازێت"[53].

لێكۆڵیارو توێژەرو رەخنەگران لەبارەی میتۆدی توینبیو هەڵوێستی لەمەر مێژووو فەلسەفەو دین ناكۆكو ناتەبان، لەكاتێكدا ( كولن ويلسن ) پێیوایە "ئەگەرچی تێگەیشتنی توینبی بۆ مێژوو لەهەندێك لایەندا تارێژەیەك لەگەڵ تێگەیشتنی ئەنیشتاین بۆ دونیای زانست تەبایە، بەڵام توینبی مێژوو وەك زانست نابینێت، بەڵكو وەكو جۆرێك لە پەروەردەی رۆحی لەقەڵەمیداوە"[54]، ( حسين مونئيس ) ئاماژە بۆ توینبی دەكات وەك ئەو كەسەی "ئەگەرچی هەستی مەسیحیبون بەسەریدا زاڵە، بەڵام توێژینەوەكەی لەئاستی گشتیدا مرۆڤانەیە، هەندێك لەرەخنەگران وەك ئامۆژگاریكەرێكی مەسیحی دەیبینن، بەڵام لەراستیدا توێژینەوەكانی لەدیدگای بروابوون بەیەكێتی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو ئەزموونە ژیارییەكەی سەرچاوەی گرتووە"[55]، دژ بەم تێروانینە ( منح خوري ) دەڵێت كە "توینبی لەمیتۆدەكەیدا نەیتوانیوە ئەزمونگەر بێت وەك خوازیاری بوو، چونكە راڤەكارییەكانی بۆ رووداوەكان راڤەیەكی تایبەت بوو كە لەبیرۆكە گشتیەكانیەوە هاتبوو، ئەوە جگەلەو رووداو بژێرییەی پێویستی بەسەلماندن نەبوو"[56].

لەدیدی كولنجوددا "توینبی وێنەیەكی نوێی شێوازی چارەسەركردنی مێژووە بەپشتبەستن بە زانستە سروشتییەكان، ئەو بیرۆكەی خۆی بە پشتبەستن بەفەلسەفەی سروشتی پەتی بونیادناوە، ژیانی كۆمەڵگەی بەژیانێكی سروشتی بینیوە، نەك ژیانێكی عەقلانی، لەبەرئەوە مێژوو وەك دیمەنێك لەدیمەنەكان دەبینێت.. كە لەچەند راستییەكی بینراوو تۆماركراوی مێژوونوس پێكدێت.. كە پشتی بەهیچ جۆرە شیكارییەكی فەلسەفی نەبەستووە بۆ ئەو رێگایانەی مەعریفەی مێژوویی خۆی لێیەدەستهێناوە"[57]، بەڵام كاوفمان لە وەسفی توینبیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لەمیتۆدەكەیدا خۆی دووچاری گرفتگەلێكی واكردووە كە دەربازبوون لێیان ئەستەمە، لە پێناو رووپامایيو خەڵەتاندنی خوێنەر ژمارەیەكی زۆری لەسەرچاوە پیشانداوە، هەروەها پێگەی مێژوونووسی جێهێشتووەو رۆڵی پەیامبەری بەخۆی بەخشیووە[58].

یوسف الحورانی پێیوایە "میتۆدی ڕاڤەکاری مێژوویی توینبی زۆرتر پەنای بۆ غەیبیانیەت بردووە، تاوەکو ئەوەی لەچەندین جێگەدا وتوویەتی کە ئاین مەبەستی ژیارییە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەسۆنگەی باوەڕدارێکی مەسیحی ئەوروپییەوە سەیری مێژوو دەکات، ئەمەش هۆکاری شکستی تیۆرەکەیەتی لەفەلسەفەی مێژوودا"[٥٩]

"پیتر جیل"ی ڕەخنەگریش پێیوایە میتۆدی زانستی لەتوێژینەوە مێژووییەکانی توینبی خراپ پراکتیک کراوە، کۆمەڵێك دیاردەی گونجاو بەگریمانەکانی خۆی هەڵبژاردووە، بەڵگە بژاردەکانی بەو شێوازە هێناوەتەوە کەلەگەڵ ڕاڤەکاری و دیدە پێشوەختە ئامادەکانی لەهەڵبژاردنی گریمانەکان تەبایەو دەگونجێت، هەموو ئەمەش کاریگەری لەسەر سادەیی شێواندنی دیاردە مێژووییەکان هەبووە، ئەمە سەرەرای تێروانینی بۆ (بەشەکان)ی گشت کە وەك یەکەی سەربەخۆو جوداو لەخۆوە دروستبوو ئاماژەی پێکردوون[٦٠].

هەر لەم دیدگایەوە "اجناشیوبرنال" کارگێری مۆزەخانەی نەتەوەیی ئەنترۆپۆلۆژیا لە مەکسیك لەکۆنگرەیەکدا لەساڵی (١٩٦٣) لەبارەی مێووی مرۆڤ بەر لەئەمریکا وتویەتی: "جارێك هەوڵمدا میتۆدی توینبی لەبابەتی لەدایکبوونی ژیارییەکان و گەشەکردن و داروخانیان بەسەر کۆی ئەو ڕاستییە ئارکیولۆژییانەی گەلالەمکردبوون پراکتیزە بکەم، بەلام بۆم دەرکەوت کە کۆی ئەو بابەتەی توینبی لەم بوارەدا پشتی پێبەستووە ناراست و پەرەوازەیەو لای ناوەندە زانستییەکان وەرنەگیراوە.. بۆیە گەشتمە ئەوەی بڵێم کە هەر نوسەرێك لە جیهانی سەربەستی ئەمڕۆماندا مافی هەیە هەرچییەکی پێخۆشەو دەخوازێت لەشتی هیچ و پوچ بینوسێت"[٦١]

لەمیانەی ڕەخنەکی (توێژینەوەی مێژوو – دراسة التاريخ) وڵش دەپرسێت "ئایا دوای پەنجا ساڵی دیکە کەس هەیە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، کەبەرەنجامی دیدی کەسی و لایەنگیری و پۆخڵەواتییە، بەجۆرێك بەگومانم لەوەی کەسانێکی زۆر خوێنەری بن"[٦٢]. سیلۆنی پۆلارد Siolne polla ڕەخنەی لە توینبی ئەوەیە کە لەبناغەوە دژی عەقلگەراییە...بەڵکو زیاتر هەست و حەدەسی لە شیکارکردن پێباشتربووە"[٥٦]، کوسمینسکی ڕوسی لەبارەی توینبییەوە دەڵێت: "توینبی بۆ پشتگیریکردنی فەلسەفەکەی پشتی بەلایەنی سۆفیگەری و خورافەو ئەفسانە بەستووە، ئەگەرچی بانگەشەی ئەوەیکردووە کە میتۆدی ئەزموونگەری لەتوێژینەوەکانیدا بەکاربردووە"[٦٣].

سەرەرای کۆدەنگی زۆرینەی توێژەران و ڕەخنەگرانی توینبی لەوەدا کە توێژینەوەی مێژوو لەسەر ئاستی جۆری و چەندێتی کارێکی قەبەو دانسقەیە، هیچ کەس پێش توینبی بوێری کارێکی لەوجۆرەی نەبووە، میتۆدو بیرۆکەکانی لە مانای جۆراوجۆرو نامۆ بەسەدەی بیستەم دەردەکەوتن، لەکاتێکدا توێژەران سەرقاڵی پسپۆڕێت بوارێکی تەسك و تایبەت بوون، توینبی ڕێچکەی نوسینی مێژووی جیهانی گرتەبەر، لەسەردەمی دابەشبوونی ڕۆشنبیری و فیکریدا توینبی وێنای مانای گشتگیرو هەمەلایەن بۆ ڕاستییە مێژووییەکان گەلالەدەدات، لەسەردەمێکدا مەعریفە بەپێی مەرجەکانی میتۆدی توێژینەوەی زانستی بونیاددەنرا، توینبی لە پێناو ستمە تیۆرییەکەیدا ڕوویکردە ئەفسانەو شیعرو ئاین، لەسەردەمی سیکۆلاریزمی نوێخوازدا، توینبی مانای ژیان و مەبەستەکانی لە ئاییندا دەبینێت، لەمێژوودا "بانگەوازو خواستی خوداو ڕێساو شەریعەتە داهێنراوەکانی خواوەندی دروستکەر ئامادەی، بۆیە ئەرکی سەرجەم مرۆڤە ئازادەکانە گوێڕایەڵ و وەڵامدەرەوەی بن، لەئاستی گشتیدا مێژوو کارلێکی نێوان مرۆڤ و خودایە"[٦٤].

لەسەردەمی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و پەشێوی ئاکاریدا، توینبی لەترۆپکی کایە ڕوحی و ئاکارییەکاندا مرۆڤ بەرەو دۆزینەوەی دڵنیای هاندەدات، میتۆدو فیکرێکی لەمشێوەیە بەدڵنیاییەوە تەوژمێك لەڕەخنە دەوروژێنێت.

**دەرەنجام :**

لەدوا گوزارشتی ئەم نوسینەدا دەكرێت بڵێین:

- توینبی وەك مێژوونوس و فەیلەسوف مەیدانیانەو بە شێوازێكی بابەتیانە بۆچوونەكانی پێشكەش كردووەو نمونەی لە ژیارییەكان هێناوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەكانی.
- توینبی لەگەڵ ئەوەی سودی لە تیۆرییەكانی پێشینەی وەرگرتووە، هاوكات توانیویەتی میتۆدێكی سەربەخۆ لە تیۆریەكەیدا دابرێژێت.
- هەوڵیداوە كە هەر سێ بنەما سەرەكیەكەی مێژوو (مرۆڤ - كات - شوێن) لەناو تیۆریاكەیدا بكاتە ئەو دینگە سەرەكیانەی كە بۆچوونەكانی پێرابگرێت.
- توینبی جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ژیارییەكان خۆیان خۆركەی خۆیانن پێش هەر هۆكارێكی دەرەكی، كێشەو قەیرانە ناوخۆییەكان مەرگی ژیارییەكان ڕادەگەیەنن.


**الملخص**

ظهر علم التاريخ وأخذ يتطور وينمو نمواً من خلال مسيرته في القرن السابع عشر ، وقد انطلق من خلاله العديد من النظريات وبذل المؤرخون جهوداً كبيراً من أجل استيعاب جوهر وماهية التأريخ في هذه الفترة، ومن أشهر المؤرخين الذين كتبوا عن فلسفة التأريخ هو(ارنولد توينبي) ولد عام ١٨٨٩م، وتلقى تعليمه في جامعة اكسفورد، ثم عمل في مكتب الوزارة الخارجية للمملكة المتحدة ، ودرس التأريخ في جامعة لندن وصار بعد ذلك مديراً للمعهد الملكي للشؤون الدولية.

وفي عام ١٩٢١م ألف كتابه الشهير (دراسة التأريخ) وهو كتاب نفيس ومشهور في القرن العشرين ولم يكتمل هذا الكتاب حتى عام ١٩٦١م وهذا يعني انه اشتغل وانفق في تاليفها اربعين عاماً .

وليس من السهل أن يستعرض المرء نظرية بثها مؤلفها في اثني عشر مجلداً وقام بدراسة احدى وعشرين حضارة، وهي ابرز الحضارات في التاريخ كله. وخصص جزءاً كبيراً من هذا الكتاب لنشوء الحضارات من خلال نظريته الشهيرة (التحدي والاستجابة) وأشار فيها إلى عدة فروق بين الطبقات.

ومن آراء وأفكار ارنولد توينبي في كتابه النفيس (دراسة التاريخ):

١- أنه فسَّر التأريخ من منظور وجود الأقلية والأغلبية.

٢- رفض فكرة الحتمية التاريخية ودعا إلى الروحية الابداعية.

٣- ليس للعامل المادي مكان في نظرية التاريخ.

٤- ينص على أنّ الكائن البشري لا يمكن أن يعيش في ظل طاعة وقانون واحد، بل يعيش ويحيى في ظل قانونين: الاول قانون الله والثاني القانون الوضعي و من خلاله يحدد للفرد حرية محدودة.

٥- رفض توينبي اعتبار حركة التاريخ حركة دورية فارغة ، بل وظّف فكرة الحركة الدورية للتاريخ بشكل يتناسب مع التقدم والتطور.

٦ - ويرى ان التاريخ هو مشهد من المشاهد وحقيقة من الحقائق شهدها وسجلها المؤرخ.

## Concise

The science of History developed and grew in the seventeen century. Many theories have been emanated through it, from which excellent efforts have been made in order to accommodate the substance of the History. Arnold Toynbee was born in 1889; Toynbee studied at Oxford University, and then worked at the United Kingdom Foreign Ministry Office. He also studied History at London University, and subsequently become the director of the Royal Institute of the International Affairs; at the beginning of 1921 he authored his most famous book "A Study of History", which made him one of the most famous writers of the twenty century. He could not complete the book until 1961, the day where the volume twelve published, or the last volume. This means he had been working for forty years on his precious book.

It is not easy for anyone to review a theory which its author has explored within 12 volumes; it contains the study of the twenty one civilizations, the most major civilizations in all the history. But the major parts of the book is regarding the author's interpretation of History and his theory of Challenge and Response has a particular distinctions which has not been touched by the other historians.

Toynbee interpreted the movement of history from the perspective of having a Minority in a Majority; he also rejected the idea of inevitable physical history and called the inevitable spiritual creative exclusive and the intelligence. He argues that the material factors have no place in looking into the science of History. Toynbee argues historical events shrouded both spiritual and material aspects and states that the human being cannot live in obedience of only one law, but in obedience of laws of God and the human made law of limited freedom He also refused to consider the movement of history as a movement periodically empty but employed the idea of periodic motion of history fits in with the state of progress and development.

Toynbee depicts the history as a spectacle of the scenes and the fact of facts he has witnessed and recorded, and looked at history from the natural perspective not the rational view in respect of the methods of study history. There are three different ways to preview and presentation of the topics of thought.

**پەراوێزەکان:**

---

1 يوري ياكوفيتس – بوريس كوزيك: الحضارات: في الماضي والحاضر والمستقبل، ترجمة: د.ثائر زين الدين ود.فريد حاتم الشحف، تقديم: أ.د.سهيل فرح، التدقيق اللغوي: أ.اكرم عرار، دار دمشق للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠٠٩، ص٣٩.

2د.شحادة الناطور وآخرون: مدخل الى تأريخ الحضارة، دار الكندي للنشر والتوزيع، اربد – الأردن، ط ١، ١٩٨٩، ص١٠.

3 د.حسين مؤنس: الحضارة – دراسة في أصول وعوامل قيامها وتطورها، سلسلة كتاب عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٨، ص١٣.

4 نصر محمد عارف: الحضارة – الثقافة – المدنية (دراسة لسيرة المطلح ودلالة المفهوم)، المعهد العالمي للفكر السلامي، هيرندن، فيرجينيا، الولايات المتحدة الامريكية، ١٩٩٤، ص ٤٨.

5 د.شحادة الناطور وآخرون: مدخل الى التأريخ ....، ص١٢.

37 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٦٩.

* ژیاری مینوی: یەکێك لەژیارییە کۆنـەکانی ناوچـەی دەریـای ئیجـە بـووە لەسـەردەمی یۆنـانی کـۆن، بـەر لـە چـاخی برۆنـزی میسینی لەدەوروبەری (٣٠٠٠-١٤٥٠) پ.ز. ناوەکەشی لەئەفسانەیەکی یۆنانی کۆن و لەناوی پاشایەکی کریت بەناوی (مینوس) وەرگیراوە.

38 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص٥٥.

39 د.حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون، ص١٧٨.

40 د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی ....، ل٩.

41 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص٧٠.

42 ألبان ويدجري: التاريخ وكيف يفسرون، ص٨.

43 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص٥٢.

44 د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ...، ص٧٩.

45 د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة ، ....، ص٢١٦-٢١٧، . د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ...، ص٧٩-٨٠.

46 المصدر نفسه، ص٢١٧-٢١٨. د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ...، ص٨٠.

47 د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة ، ....، ص٢١٨-٢١٩، . د. عمادالدين خليل: التفسير الاسلامي للتأريخ...، ص٨١. د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی ....، ل١٠-١١.

48 ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزو الول، ص٤١١-٤١٣.

49 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٧٣.

50 د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی ....، ل١٧.

51 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٧٢.

52 كولنجوود: فكرة التاريخ، ص ٢٨٧-٢٨٩.

53 توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ص٧٢-٧٣.

54 كولن ويلسون: سقوط الحضارات، نقله الى العربية: أنيس زكي حسين، منشورات دار الاداب، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٢، ص١٦٢.

55 حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون، ص١٨١.

56 قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، أطروحة دكتوراه إلى مجلس كلية الآداب – جامعة بغداد وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في الفلسفة، ٢٠٠٤، ص١٦٤.

57 كولنجوود: فكرة التاريخ، ص٢٨٩-٢٩٢.

58 قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، ص١٦٤.

59 نفس المصدر والصفحة.

60 نفس المصدر والصفحة.

61 قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، ص١٦٥.

62 نفس المصدر والصفحة.

63 نفس المصدر والصفحة.

64 توينبي: مختصر دراسة التاريخ، ترجمة: فؤاد محمد شبل، مراجعة: أحمد عزت عبدالكريم، ج٤، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص١٤١.

## سەرچاوەکان:


١. د. احمد محمود صبحي: في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٤.

٢. ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ترجمة: فؤاد محمد شبل، مراجعة: محمد فق غربال، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.

6 نصر محمد عارف: الحضارة – الثقافة – المدنية، ص ٣١.

7 مجموعة من النقاد الروس: الثقافة وعلم الثقافة في القرن العشرين، ترجمة: هدى علي عبد، دار المأمون للثقافة والنشر، بغداد، ٢٠١٠، ص١٨.

8 ئيبراهيم صالح : شۆڕشی ڕۆشنبیری (ژێرخانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی)، گۆڤاری (پەیامی ڕاستی)، ژمارە (٥٢)، ساڵی حەوتەم، تەمموزی ١٩٩٨، ل٢٥.

9 نصر محمد عارف: الحضارة – الثقافة – المدنية، ص ٣١.

10 د.حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون – دراسة في علم التاريخ، دار المعارف، ١٩٨٦، ص١٧٧.

11 د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨، ص٢١١.

12 د. احمد محمود صبحي: في فلسفة التأريخ، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٤، ص٢٦٠.

13 المصدر نفسه، ص ٢٦٠ – ٢٦١.

14 د. محسن محمد حسين: دامەزران و رووخانی شارستانی بەهۆی مرۆڤەوە (بیردۆزەی مەیدانیخوازی لای توینبی و ڕەخنە لێگرتنی، گۆڤاری (ڕۆشنبیری)، ژمارە (١٢٧، ساڵی ١٩٩١، ل٣.

15 د. محسن محمد حسين: دامەزران و رووخانی شارستانی..ل٣.

16 هەمان سەرچاوە، ل٤.

17 د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ، دارالعلم للملايين، ط٤، بيروت، ١٩٨٤، ص٧٢-٧٣، د.شحادة ناطور وآخرون: مدخل الى تاريخ ...، ص٣٩.

18 ر.ج. كولنجوود: فكرة التاريخ، ت: محمد بكير خليل، لجنة التاليف والترجمة، القاهرة، ١٩٦٨، ص ٢٨٦.

19 محي الدين اسماعيل: توينبى (منهج التأريخ فلسفة التاريخ)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط٢، ١٩٨٦، ص٣٦.

20 كولنجوود: فكرة التاريخ، ص٢٨٧.

21 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص ٣٦.

22 صبحي، في فلسفة التاريخ: ص ٢٦٢.

23 د. محسن محمد حسين: دامەزران و رووخانی شارستانی ....، ل٥. د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ...، ص٧٢ – ٧٣.

24 ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ترجمة: فؤاد محمد شبل، مراجعة: محمد فق غربال، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص٣٤٩.

25 البان.ج.ويدجري: التاريخ وكيف يفسرونه – من كونفوشيوس الى توينبي، ترجمة: عبدالعزيز توفيق جاويد، الجزء الثاني، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦، ص١٧٨-١٧٩.

26 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٦٣ – ٢٦٤، د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی، ل٥-٦.

27 عبد الله بوقرن: الآخر في جدلية التاريخ عند هيجل، أطروحة دكتوراه مقدمة الى قسم الفلسفة في كلية العلوم الإجتماعية والإنسانية - جامعة منتوري- قسنطينة، ١٤٢٧-١٤٢٨هـ/٢٠٠٦-٢٠٠٧م، ص٤٥٢.

28 صبحي: في فلسفة التأريخ، ص٢٦٣ – ٢٦٤، د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی، ل٦.

29 صبحي: في فلسفة التأريخ، ص٢٦٤-٢٦٥.

30 ارنولد توينبي : مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ص٤١٧ ومابعدها.

31 صبحي: في فلسفة التأريخ، ص٢٦٧.

32 د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی ...، ل٧.

33 ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ص٤١٨-٤١٩.

34 د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ...، ص٧٣.

35 صبحي: في فلسفة التأريخ، ص٢٦٩.

36 ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ص٤٦٦. د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، ...، ص٢١٤.

37 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٦٩.

* ژیاری مینوی: یەكێك لەژیارییە كۆنـەكانی ناوچـەی دەریـای ئیجـە بـووە لەسـەردەمی یۆنـانی كـۆن، بـەر لـە چـاخی برۆنـزی میسینی لەدوورو‌بەری (٣٠٠٠-١٤٥٠) پ.ز. ناوەكەشی لەئەفسانەیەكی یۆنانی كۆن و لەناوی پاشایەكی كریت بەناوی (مینوس) وەرگیراوە.

38 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص٥٥.

39 د. حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون، ص١٧٨.

40 د. محسن محمد حسين: دامەزران و رووخانی ...، ل٩.

41 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص٧٠.

42 ألبان ويدجري: التاريخ وكيف يفسرون، ص٨.

43 محي الدين اسماعيل: توينبى، ص٥٢.

44 د. عمادالدين خليل: التفسير الاسلامي للتاريخ...، ص٧٩.

45 د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة، ...، ص٢١٦-٢١٧، . د. عمادالـدين خليـل: التفسير الاسلامي للتـاريخ...، ص٧٩-٨٠.

46 المصدر نفسه، ص٢١٧-٢١٨. د. عمادالدين خليل: التفسير الاسلامي للتاريخ...، ص٨٠.

47 د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة، ...، ص٢١٨-٢١٩، . د. عمادالـدين خليـل: التفسير الاسلامي للتـاريخ...، ص٨١. د. محسن محمد حسين: دامەزران و رووخانی ...، ل١٠-١١.

48 ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزو الأول، ص٤١١-٤١٣.

49 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٧٣.

50 د. محسن محمد حسين: دامەزران و رووخانی ...، ل١٧.

51 صبحي: في فلسفة التاريخ، ص٢٧٢.

52 كولنجوود: فكرة التاريخ، ص ٢٨٧-٢٨٩.

53 توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ص٧٢-٧٣.

54 كولن ويلسون: سقوط الحضارات، نقله الى العربية: أنيس زكي حسين، منشورات دار الاداب، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٢، ص١٦٢.

55 حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون، ص١٨١.

56 قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، أطروحة دكتوراه إلى مجلس كلية الآداب – جامعة بغداد وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في الفلسفة، ٢٠٠٤، ص١٦٤.

57 كولنجوود: فكرة التاريخ، ص٢٨٩-٢٩٢.

58 قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، ص١٦٤.

59 نفس المصدر والصفحة.

60 نفس المصدر والصفحة.

61 قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، ص١٦٥.

62 نفس المصدر والصفحة.

63 نفس المصدر والصفحة.

64 توينبي: مختصر دراسة التاريخ، ترجمة: فؤاد محمد شبل، مراجعة: أحمد عزت عبدالكريم، ج٤، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص١٤١.

## سەرچاوەكان:


١. د. احمد محمود صبحي: في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٤.

٢. ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، الجزء الأول، ترجمة: فؤاد محمد شبل، مراجعة: محمد فق غربال، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.

٣. ارنولد توينبي: مختصر دراسة التاريخ، ترجمة: فؤاد محمد شبل، مراجعة: أحمد عـزت عبـدالكريم، ج٤، المركـز القـومي للترجمـة، القاهرة، ٢٠١١.

٤. البان.ج.ويدجري: التاريخ وكيف يفسرونه – من كونفوشيوس الى تـوينبي، ترجمـة: عبـدالعزيز توفيـق جاويـد، الجـزء الثـاني، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦، ص١٧٨-١٧٩.

٥. ئيبراهيم صالح : شۆڕشی ڕۆشنبیری (ژێرخانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی)، گۆڤـاری (پـەیامی ڕاسـتی)، ژمـارە (٥٢)، سـاڵی حەوتـەم، تەمموزی ١٩٩٨.

٦. د.حسين مؤنس: الحضارة – دراسة في أصول وعوامل قيامها وتطورها، سلسلة كتاب عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٨.

٧. د.حسين مؤنس: التاريخ والمؤرخون – دراسة في علم التاريخ، دار المعارف، ١٩٨٦.

٨. د.شحادة الناطور وآخرون: مدخل الى تاريخ الحضارة، دار الكندي للنشر والتوزيع، اربد – الأردن، ط١، ١٩٨٩.

٩. ر.ج. كولنجوود: فكرة التاريخ، ت: محمد بكير خليل، القاهرة، لجنة التأليف الترجمة، ١٩٦٨، ص ٢٨٦.

١٠. عبد الله بوقرن: الآخر في جدلية التـاريخ عنـد هيجـل، أطروحـة دكتـوراه مقدمـة الى قسم الفلسفة في كلية العلوم الإجتماعيـة والإنسانية - جامعة منتوري- قسنطينة، ١٤٢٧-١٤٢٨هـ/٢٠٠٦-٢٠٠٧م.

١١. د. عمادالدين خليل : التفسير الاسلامي للتأريخ، دارالعلم للملايين، بيروت، ط٤، ١٩٨٤.

١٢. قاسم عبد عوض المحبشي: فلسفة التاريخ في الفكر الغربي المعاصر آرنولد توينبي موضوعاً، أطروحة دكتوراه إلى مجلس كليـة الآداب – جامعة بغداد وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في الفلسفة، ٢٠٠٤.

١٣. كولن ويلسون: سقوط الحضارات، نقله الى العربية: أنيس زكي حسين، منشورات دار الاداب – بيروت ، الطبعة الثالثة، ١٩٨٢.

١٤. مجموعة من النقاد الروس: الثقافة وعلم الثقافة في القرن العشرين، ترجمة: هدى علي عبد، دار المأمون للثقافـة والنـشر، بغـداد، ٢٠١٠.

١٥. د. محسن محمد حسين: دامەزران و ڕووخانی شارستانی بـەهۆی مرۆڤـەوە (بـیردۆزەی مەیـدانیخوازی لای تـوینبی و ڕەخنـە لێگرتنـی، گۆڤاری (ڕۆشنبیری)، ژمارە (١٢٧، ساڵی ١٩٩١.

١٦. محي الدين اسماعيل: توينبى (منهج التاريخ فلسفة التاريخ)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط٢، ١٩٨٦.

١٧. نصر محمد عارف: الحضارة – الثقافة – المدنية (دراسـة لسيرة المطلح ودلالـة المفهـوم)، المعهـد العـالمي للفكـر الـسلامي، هيرنـدن، فيرجينيا، الولايات المتحدة الامريكية، ١٩٩٤.

١٨. د. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨.

١٩. يوري ياكوفيتس – بوريس كوزيك: الحضارات: في الماضي والحاضر والمستقبل، ترجمة: د.ثـائر زين الدين ود.فريـد حـاتم الـشحف، تقديم: أ.د.سهيل فرح، التدقيق اللغوي: أ.اكرم عرار، دار دمشق للنشر والتوزيع والطباعة، ٢٠٠٩.

ISSN
2310-0087

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION & SCIENTIFIC RESEARCH
GARMYAN UNIVERSITY

# GARMYAN UNIVERSITY

An Academic and Scientific Journal issued by Garmyan University

# جامعة گرميان

مجلة علمية اكاديـمية تصدرها جامعة گرميان

No : 6
Year : 2015